# شەونم

هۆنراوەی (42)

دوش دیدم کە ملایک در میخانە زدند

دوێ شەوێ دیم کە مەلایک لە دەری مەیخانە
قوڕی باب ئادەمیان دا لە دڵی پەیمانە
بە حەیا و شەرمی سەراپەردەنشینی مەلەکووت
بوونە هاوڕێی من و هاوبەش لە مەیی مەستانە
ئاسمان باری سپاردەی نەتوانیبوو کە چی
قورعە هێنایە دەرێ نێوی منی دێوانە
خواشوکر ئاشتی لە بەینی من و ئەودا روویدا
سۆفی رەخسین و مەیان خواردەوە لەو شوکرانە
چۆن کڵاو نەچتە سەری ئێمە بە سەد خەرمان شک
بابەدەم هەڵخەڵەتا کاتێ بە هۆی یەکدانە
شەڕی حەفتا و دوو میللەت هەڵە بوو گوێ مەدەیە
بە حەقیقەت نەگەین کەوتنە نێو ئەفسانە
ئەوە ئاور نیە وا شەم بە گڕی پێ بکەنێ
بەڵکە ئاور ئەوەیە بەربێ لە کۆی پەروانە
لای نەدا پەردە لە رووی نوکتە چ کەس وەک حافز
لەوەتی بووکی غەزەل داویە لە زولفی شانە

حافزی حەقیقی